هاتەلام و داوای لێکردم کە ڕێگای بدەم بانگەواز بۆ شانە چەکدارەکان بکات، تا بەشداری لە ڕاپەڕین بکەن و بە پێی بەرنامەی بڕیتر لەسەر دراو،ئەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە جێبەجێی بکەن. منیش داواکەیم پەسەند کردو،دەستی بەبڵاوکردنەوەی بانگەوازەکانی کرد، دوای ئەویش شەهید( جبرائیل کەرکوکی) بانگەوازێکی دوورو درێژی خوێندەوە کە پێشتر ئامادەی کردبوو.

هەروەها صلاح جەمال و نیازی حەمە عەزیزیش دوو بانگەوازیان بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە ، بەو مەبەستەی کاربەدەستە عەرەبەکان خۆیان بە دەستەوە بدەن و دڵنیا بن کە گیانیان پارێزراو دەبێ،بەمجۆرە لە بڵندگۆی مزگەوتەوە بانگەواز دوای بانگەواز ئاڕستەی جەماوەری ڕاپەڕیو دەکرا بۆ پەلاماردانی یەك بەیەکی بنکەکانی ڕژێم لەوانە مونەزەمە و موخابەرات و ئیستخبارات و تا نزیکەی کاتژمێر(٥ر١٢) ی نیوەڕۆ ، شار بەتەواوی ئازاد کراو، مزگەوتی گەورە کرابووە بنکەی ڕاگەیاندنی ڕاپەڕیوان .

هەروەها هاوڵاتی (مام حەسەن حەمەئەمین خضر-کاسبکار)لە بارەی کوشتنی یەکەم خائین لە ڕاپەرینەکەدا ، گوتی:

سەرلەبەیلنی ١٩٩١/٣/٥دوای ئەوەی شار پەشێوی و شێواوی تێکەوت،منلەنزیك مزگەوتی ناجیە خانەوە، بەچاوانی خۆم بینیم کە شەهید (علی نبی) لولەی تفەنگەکەی ئاڕاستە ڕەفیق عبدالله کردو کوشتی، ئەمە کوشتنی یەکەم خۆفرۆش بوو بەدەستی (علی نبی) لەڕاپەڕینەکەدا. شوێنی چالاکیەکەش دروست بەردەم کولێرە خانەی قاسم بوولای گەراجی جێبەکانی حاجیاوا، بەبینینی ئەم ڕوداوە، هەندێ خەڵکی هەستیان بەمەترسی کردو لەوناوە دوورکەوتنەوە، هەندێکیش دەهاتن بۆسەیری لاشەی ئەو خۆفرۆشە، من یەکێك بووم لەو کەسانە .

کەچوومە سەرلاشەکە بینیم کە جلێکی سەوزی لەبەرو قۆندەرەیەکی سووری لە پێدایە، دەمانچەکەیشی لەتەنیشت خۆیەوە کەوتبوو بێئەوەی کەس دەستی بداتێ .

لاوێکی خوێن گەرم هات، قاچێکی لەسەر سنگی کوژراوەکە داناوبە حەماسەیەکەوە ئەم شیعرەی ئەحمەد شێواوی خوێندەوە کە سەرەتاکەی بەمجۆرەیە:

لاشەی پیسی چەپەڵیان لەت لەت و پەت پەت کرا
بابزانن شۆڕشی کورد زۆر لەوان ئازاترە
بۆ لێدانی خائینی کورد ڕۆژ بەڕۆژ وریاترە

هەروەها (کاك ئالی نفوس) لەبارەی وردەکاریەکانی ئازادکردنی سەرای ڕانیە، بەمجۆرە بۆمان هاتە قسە:

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ ،لە کاتژمێر(٩) ی سەرلەبەیانی بەدواوە، دەنگوباسی ڕاپەرین کەوتە بەرگوێیان،بەرەبەرە دوکانەکان دادەخران و بازاڕ چۆڵتر دەبوو.من لە فەرمانگەکەی خۆمەوە( نفوس) کە لە بینای شارەوانی ئێستادا بوو،چووم بۆ بینای قائمقامیەت، کاتێك بینیم قائمقامیەت بێدەنگ و کش و ماتە گەڕامەوە نفوس و فەرمانبەرەکانی خۆمان ئیزن دایەوە، بە پەلە چووم بۆ ماڵی (محەمەد کاك هەمزە)، بۆ لای عەلی نەبی و محەمەدی کاك هەمزەو شەهید ئەرسەلان کە هەرسێکیان لەو ماڵە بوون. پێیانم ڕاگەیاند کە ڕاپەرین لە چوارقورنە دەستی پێکردووە، ئەوانیش خێرا کەوتنە خۆ ئاگادارکردنەوەی

برادەران و خزمانی شاوریێ و خۆم گەڕامەوە قائمقامیەت .

زۆری نەبرد تەقە دەستی پێکردو،دەنگ و بانگەوازی ڕاپەڕین،لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەوە دەبیسترا.

ئەوەندەم زانی کاك محەمەدی مەجید هاوار هات بۆ قائمقامیەت، لەبەرامبەر ژووری تەحریر لە سەر ڕەدیفی بانقەوە هاواری کرد: کێ ی زەلام؟؟

کاتێك منی ناسیەوە وتی: بە کەسانی ناو قائمقامیەت بڵێ کە پێشمەرگە چواردەوری گرتوون با خۆیان تەسلیم بکەن.



دوای ئەو قسانە یەکسەر ڕۆیشت، عەلی نەبی و برادەرانی هاتبوونە دەوروبەری مزگەوتی شێخ مستەفا،زۆری پێ نەچوو دوبارە حەمەی مەجید هاوار هاتەوە و هەمان داوای دوبارە کردەوە.

منیش پێم وت: کاکە وەڵڵا دەڵێن تەسلیم نابین.

من دەمویست هەرچی زووترە ڕاپەرینەکە دەست پێبکات، برادەران هاتن و دەوری مەرکزی پۆلیسیان گرت و کە دەرگاکانی داخرابوون، تەقە دەستی پێکرد، دەرگاکانیان شکاند و چوونە ژوورەوە، ئیتر ورەی جەماوەری ڕاپەڕیو بەرز بۆوەو دروشمیان دژی سەدام دەوتەوە، وێنەی سەدامیان دەدایە بەر شەق و، لاندرۆڤەرێکی شورتە کە لەوناوە بوو ئاگریان تێبەردا.

لەماوەیەکی کەمدا مەرکەز شورتە( کە هەرسێ بارەگای پۆلیس و ئەمن و قائمقامیەت)ی لە خۆ گرتبوو پاککرایەوە.لە پاککردنەوەی مەرکەز شورتەدا،دوو لە پیاوانی ڕژێم بە ناوەکانی (عبدالرزاق و جەوهەری ناسکە)ی تێدا کوژران.

ئینجا ەماوەری ڕاپەڕیو بەرەو مونەزەمە کەوتنە ڕێ، جەماوەرەکە لە سەربانی ماڵی حەسەن کانەبی و جەمال فوئادەوە، مونەزەمەیان دابووە بەر تەقەی کلاشینکۆف و ئارپیجی،دوای بەرەنگاریەکی زۆر تەوانرا ئەویش ئازاد بکرێت.

لەکاتی هێرش بردنە سەر مونەزەمەدا،سێ کەسی قارەمان بە ناوەکانی (خالید فەقێ قادر، محەمەد هەزە، عەزیز بچکۆل) شەهید بوون.

دوای ئازادکردنی مونەزەمە، نۆرەی موخابەرات هات، شەهید وەستا بەکری دارتاش و عومەری برای،دەورێکی ئازایانەیان هەبوو لە پاککردنەوەی موخابەراتدا.

دوای ئەوە، هەوڵی پاککردنەوە ئیستخبارات دەستی پێکرد،ئەوێش ماوەیەکی زۆری ویست تا ئازادکرا،ئەوانەی لەو بنکەیەدا مابوون بە سزای گەل گەیەنران.

لە گرتنی ئستخباراتدا، سێ کەس بەناوەکانی (گوڵەباخ، بەهرۆز ئەحمەد، حاجی ئیبراهیم) شەهید بوون.

دوای ئەوە،شار تا ڕادەیەك بێدەنگی بەخۆوە بینی، تاکو شەو داهات.